# نامەی منداڵان بۆ خوا

لێدوانی: عەبدولخالق قەرەداغی
(سلێمانی)

ماوەیەکە کۆمەڵێ کتێب و نامیلکەی زۆر کەوتوونەتە بەر دیدی خوێنەران و زیاتر لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، دیارە لەم بوارەدا گەلێ دەزگا ئەسپی خۆی تاوداوە، دیارترینیان (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)ە، یەکێ لەو کتێبانەی کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم کتێبی (نامەی منداڵان بۆ خوا)یە. ئەم کتێبە لە زمانی فارسییەوە کاک (ئازاد بەرزنجی) وەریگێڕاوە، لە (٢٩)یەمین کتێبی منداڵانە و دەشچێتە خانەی ئەدەبی منداڵانەوە، ئەدەبی منداڵانیش گەلێ پێناسەی بۆ کراوە ئەوەتا (د. محمد علي الهرفي) دەڵێ: «پێکهاتەیەکی زمانی هونەرییە، جۆرێکی ئەدەبییە لە چیرۆک یا شیعری شانۆیی یێ یا گۆرانی.. یەکانگیرە لەگەڵ جیهانی منداڵێتیدا»، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانیش دەگەڕێتەوە سپێدەی سەدەی (١٩) و لەسەر دەستی جان لوک و جان جاک ڕۆسۆ و ولیەم بلیک و وۆردث وۆرثدا سەریان هەڵداوە، چونکە جاران منداڵ وەک (هەرزەیەکی بچووک) تەماشا دەکرا.

بە بۆچوونی (دستویڤسکی) یادەوەری منداڵی بەهێزترین یادەوەرییە، هەروەک ڕۆسۆ دەڵێ (نازانم چۆن فێری خوێندنەوە بووم، بەڵام دەزانم کە یەکەمین کتێب کاریگەرییەکی گەورەی لا دروست کردم.

کتێبی (نامەی منداڵان بۆ خوا) کۆکردنەوەی کۆمەڵێ نامە و وتووێژە لەگەڵ خوداو ئاراستەی خوا کراوە (ستیوارت هامێل و ئیریک مارشاڵ) کۆیان کردۆتەوە کە لەنزیکی (٥٩) نامە و چەند و مەتەڵ و داواکاری تێدایە و لە زمانی منداڵان و بە خەتی خۆیشیان نووسراون کە پڕن لە هەست و سۆزی منداڵان بەرامبەر بەخواو ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی کە لە سەروو عەقڵی مرۆڤەوەن، ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستاش مرۆڤەکان دۆش داماون بەرامبەریان، تەنانەت زۆرجار ئەم پرسیارانە قوتابخانەی فەلسەفی و کەسانی فەیلەسووفی لێ پەیدا بووە و زۆر لە فەیلەسووف و زانایانی وەک فارابی و ئیبن روشد و ئیبن ئەلعەرەبی و عەبدولڕەحمانی کەواکبی بەرەو سەرسامی و (انحراف) لە دین بردووە، ئەوەتا یەکێ لە منداڵەکان دەڵێ [خوایە گیان من خەڵکی ئەمریکام، ئەی تۆ خەڵکی کوێی؟] یان یەکێکی تر دەڵێ [بۆچی تۆ لە کۆندا ئەو هەموو موعجیزەیەت کردووە، کەچی ئێستا هیچ موعجیزەیەک ناکەیت]، بوونی ئەم پرسیارانە شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە ئەمانە هەژانی مێشک و بیرە، [ئەمە بیردەکاتەوە، کەواتە هەیە] یاخود منداڵێکی تر دەڵێ [باپیرەم دەڵێ کاتێک ئەو منداڵ بووە ئەوساش تۆ هەر بوویت، باشە تۆ چەند ساڵ بەر لەو هەبوویت؟»

زۆرجار بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەنا بۆ کتێبی فانتازی و ئەندێشەی زانستی دەبرێت، د. نووری جەعفەر لە کتێبی (أدب قصص الخيال العلمي)دا ناوی زیاد لە (٦٠) نووسەری جیهانی هێناوە کە لەم بوارەدا



کاردەکەن، هەر چۆنێ بێ ئەم پرسیارانە ناچنە ناو قاڵبی کفرەوە هەروەک هەندێک پێیان وایە، چونکە گەڕان و پرسیارکردن بە دوای بوونی خوادا شتێکی ئاساییە و زیاتر کاری زانا و فەیلەسوفەکانە بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ [ انما يخشى الله من عباده العلماء ]، بۆ نموونە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) هەر لەسەرەتاوە کە دەچووە ئەشکەوتی حەرا بۆ بیرکردنەوە و ڕامان و پرسیارکردن بوو لە شتە نادیار و نەزانراوەکان، بەڵام ئەم پرسیارانە بیرۆکەی منداڵی خۆرهەڵات و وڵاتانی ئیسلامی نین، چونکە لای ئێمە بەهۆی (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر)ەوە زۆربەی ئەو پرسیارانە وەڵامیان هەیە ناڵێین منداڵی ئێمە ئەم پرسیارانە لە مێشکیاندا نییە! هەیەتی و دەشیکا، بەڵام زۆر بەکەمی.. ئەوەتا گۆرانی شاعیر لە شیعرێکدا موناجاتی ڕۆح دەکات دەیەوێ لە ڕۆح تێبگات، هەر خۆیشی دەڵێ (من لە نەزانینی تۆ هەتاکەی!)، بەڵام خوای گەورە زۆر دەمێکە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دەفەرمووێ «قل الروح من أمر ربي»، کەواتە ئەو پرسیارکردنە کاری من و تۆ نییە، لە دیندا کۆمەڵێ شت سنووری هەیە، لە دەرگا لێدانی ئەو پرسیارانە، بێ هیوایییە، چونکە (ئیمامی غەزالی) بیست ساڵ سەرقاڵی فەلسەفە و گەڕان بەدوای ئەم پرسیارانەدا بوو، دوایی بۆی دەرکەوت کە ناتوانین لە دەرگای فەلسەفەوە وەڵامەکانی دین بهێنین، بەڵام بە پێچەوانەوە دەکرێت. بەمانایەکی تر لە ڕێی دینەوە وەڵامەکانی فەلسەفە بدەینەوە.. چونکە لەدیندا بە تایبەتی لە (قورئان)دا باس لە هەموو ئەو شتانە کراوە، هەر لە دروست بوونی مرۆڤەوە تا دروست بوونی گەردوون و قۆناغەکانی دروست بوونی زەوی و هەسارەکانیش- یاخود یەکێ لە منداڵەکان دەپرسێ (خوایە گیان کێ بە دەوری وڵاتەکاندا خەت دەکێشێت)؟ ئەم پرسیارە زۆر جوانە، چونکە هەموو وڵاتێ سنوور و هاووڵاتی و زمانی تایبەتی خۆی هەیە، وەڵامی ئەم پرسیارە لای خوا نییە، چونکە هەموو کەس دەزانێ (ئەو بستە خاکەیە کە دوژمن ناوی نا سنوور).

یەکێکی تر لەو پرسیارانەی کە لە مێشکی کچێکدا بەناوی جوان دەڵێ (خوایەگیان حەز دەکەم بزانم بۆچی هەرچی ئەو شتانەی تۆ وتووتن بە ڕەنگی خوێن نووسراون؟ یاخود بە مانایەکی تر بە (سوور) نووسراون، ئەم پرسیارە چەند مانایەکی لێ دەکەوێتەوە: ئایا مەبەستی لە شەڕی چەند ساڵەی کاسۆلیک و ئەرسەدۆکسە؟ یان شەڕی خاچ پەرستەکان و موسڵمانان؟! یاخود سووتاندنی زاناکان و کوشتنیانە لەلایەن پیاوانی کڵێساوە؟ منداڵێکی تری (٩) ساڵان دەڵێ (حەزم دەکرد شتێک نەبوایە پێی بوترایە گوناه، شتێک نەبوایە پێی بوترایە شەڕ..] کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە منداڵ دەیەوێ ئازاد بێ چی دەکات بیکات، هەرچەندە تا منداڵ بێ ئاساییە، بەڵام هاوکات حەزیشی لە ئاشتییە. منداڵێکی تر بەناوی (لاری) دەڵێ (خوایە گیان، گەر هەریەکە لە (هابیل) و (قابیل) ژووری نوستنی جیای خۆیان هەبووایە، لەوانە بوو یەکتریان نەکوشتایە..] بە بۆچوونی ئەم منداڵە کوشتنی (هابیل) لەلایەن (قابیلەوە) لەسەر شتی یاری و جێگە و وێنە و جانتا و جلوبەرگە.. نەک ئەم منداڵە، بەڵکو زۆر کەسی تریش بێ ئاگایە لەوەی کە مەسەلەکە مەسەلەی (تەماح) و (چاوچنۆکی) بوو نەک شتی تر، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم منداڵە ئاگادارە لە خوێن ڕشتن و کوشتنی برایەک بە دەست برایەکی تری- هەر چۆنێک بێت بوونی ئەم جۆرە پرسیارانە شتێکی نوێ نین و زۆر لە زانایانی وڵاتانی ئیسلامی سەرقاڵی دانان و گەڕانن بەدوای ئەم پرسیارانەدا. ئەوەتا لە ساڵی (١٩٦٩)ە (محمد قطب) کتێبێکی بەناوی (شبهات حول الاسلام)ی داناوە، کە زۆر بە وردی وەڵامی گەلێ لەم جۆرە پرسیارانەی داوەتەوە، و دەشتوانین بڵێین کە لەسەدەی (١٩)دا و لە ساڵەکانی (٦٠ و ٧٠)کاندا ئەم جۆرە پرسیارانە باویان هەبوو. جارێکی تر دەستخۆشی لە کاک ئازاد دەکەم، کە دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەمین جۆری کتێبە کە ئەم شێوازە لە خۆ بگرێ و بە نۆبەرەی فیکری منداڵان لە قەڵەم دەدرێ. جگە لەوەش بە دوو زمان نووسراون بە (ئینگلیزی- کوردی) ئەم جۆرەش شتێکی نوێیە، بەندە تەنێ یەک نامیلکەی ترم دیوە بەو شێوەیە کە سێ زمانی لەخۆ گرتووە (فارسی، کوردی، ئینگلیزی) بەناوی (ئازادی چەند جوانە) لە نووسینی (ڕەزا هاشمی) بەو هیوایەی ئەم جۆرە کتێبانە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا د. فازڵ مەجید، (٢٠٠٤).

٢- الكتابة على صفحة بيضاء فاروق يوسف، (١٩٨٦).

٣- كيف تكتب للاطفال، جون ايكن، (١٩٨٨).

٤- قصص خيال العلمي و عالم الاطفال د. نوري جعفر، (١٩٨٧).